www.kurdistannet.org
20-8-2007 16:14 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەڕێز سەرۆکی لیستی١٠٩ لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
بەڕێزان سەرۆکی لیستەکانی ناو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

سڵاوێکی گەرم /
بابەت / دەست لە کار کێشانەوە
لای بەڕێزتان ئاشکرایە ئەگەر ئەنجومەنێك یان هەر دەزگایەکی خزمەتگوزاری دەسەڵات و بودجەی بۆ دابین نەکرێت مەحاڵە بتوانێت بە شێوەیەکی سیستەماتیك کارەکانی بەرەو پێشەوە بەرێت لە پێناوی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەدا جگە لەمانەش جێگەی داخە کە پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا هیچ بڕیارێکی نەداوە بۆ پەسەند کردنی پرۆژە یاساکەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان،کە لەلایەن هەر سێ ئەنجومەنەکەی کوردستانەوە ئامادە کرابوو. بۆ بەدوادا چوونی ئەم پرۆسەیە ئەم هەنگاوانەمان ناوە:
1-هەوڵی زۆرمان دا کە جەنابی سەرۆکی کوردستان کاك مسعود بارزانی ببینیین، بۆ ووتووێژ سەبارەت بە دیدو بۆچونی ئەنجومەنی پارێزگاکان سەبارەت بە پرۆژەکەمان، بەڵام نەتوانرا ئەو دیدارە ئەنجامبدن،هەرچەندە جەنابی سەرۆك ڕەزامەندی دەربڕی لە سەری.
2-هەر زوو پرۆژە یاساکەمان گەیاندە پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ بەڕێزان سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمان گفتوگومان کردوە،ئەوانیش کاری لامەرکەزییان پێ باشبوو لە کوردستان.
3- چەندین جار ووتو وێژمان لەگەڵ لیژنە یاساییەکەی حکومەت و پەرلەمان کردوە،هەر جارەی بە بیانوویەك دوایانخستوە،
4-زۆربەی لیستەکانی ناو ئەنجومەن مەکتەبی سیاسی خۆیان بینیوە وگفتوگۆی تێرو تەسەل کراوە لە سەر ئەم بابەتە هەموو لایەك کار بە لامەرکەزی لە کوردستاندا بە باش دەزانن.
5-هەر چەندە ئەوکاتەی کە خۆمان هەڵبژارد بۆ یاسای 71ی هاوپەیمانان کە ناسراوە بە یاسای بۆل بڕیمەر وخومان کاندید کرد،تیایدا هاتبوو کە کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، سەرکردایەتی کوردیش ئەوەیان هەڵبژارد بە بیانوی ئەوەی زەرەری هەیە بۆ سیستەمی فیدرالیزم... لە کوردستان.
بەڕێزان.. هەموو دەزانن لە بودجەکەی عیراق کە بۆ گەشەپێدانی پارێزکاکان سەرفکرابوو هیچی ترمان بۆ نەهاتووە و ڕێو شوێنی سەرفکردنی ئەو بودجەیەش دیارە ولای هەموان ئاشکرایە.
بۆیە ئەمەوێ بەم نامەیەم بەڕێزتان ئاگادار بکەمەوە کە لەم بەرواڕەوە دەست لەکار کێشانەوەی خۆم لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەن ڕادەگەیێنم، ناتوانم لەوە زیاتر ئەو لێپرسراوێتیە مێژووییە لە ئەستۆ بگرم.

لە گەڵ ڕێزمدا
شێرزاد حافیز
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
٢٠٠٧/٨/٨

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.